
... مالّی بابی سالەکانی ١٦٣٠، مۆزەخانەی بەرلین

# فرانس هالس

نووسینی مێژوو نووسی سۆڤیەتی: ی. ی. ڕوتێنبێرگ
وەرگێڕانو ئامادەکردنی لە ڕووسی‌یەوە: محمد عارف

ڕۆڵی گرنگو سەرەکی لە دامەزراندنی قوتابخانەی ڕیالیزمی نەتەوایەتی ەری نیگارکێشانی هۆڵەندی، لە بەرهەمی نیگارکێشی هۆڵەندی مەزن: نس هالس)دا، بەرجەستە دەبێ: ئەم شتە بە شێوەیەکی زۆر تایبەتی لە ەری (پۆرترێت واتە وێنەی مرۆڤ) ئاشکراتر بەرچاو دەکەوێ. فرانس س (نزیکەی ١٥٨٠ – ١٦٦٦)، لە شاری (ئەنتڤێرپین) لە دایك بووەو یەی زۆری سالەکانی تەمەنی لە شاری (هارلم) بردوەتە سەر، ئەم شارەی یەکێکە لە گرنگترین مەلبەندەکانی جوولانەوەی هونەریی لە هۆڵەندەدا. هونەرمەند بەخێرایی پایەی خۆی وەك نیگارکێشێکی (پۆرترێتیست، : هونەرمەندی درووستکەری وێنەی مرۆڤ) لە ئاستێکی جیهانی‌دا گرتوە. بەرهەمەکانی فرانس هالس لە بواری پۆرترێت‌دا زۆر تایبەتی‌و ركەوتوانە درووستکراون، بەڵام بەداخەوە لە دە ساڵی دوایی ژیانیدا، ئەو و نرخ پێدانەی پێشانی پێ نەدراوەو خۆری هونەریی بەرەو ئاوابوون چوەو ساڵانی ژیانی یەکجار بە هەژاری و دەستکورتی ڕابردوە. لەمێژووی ەری پۆرترێتی جیهانی‌دا، فرانس هالس بەداهێنەری ڕاستەقینەی ئەم جۆرە ەرە دەژمێردرێ... هونەرمەندە پۆرترێستەکانی سەدەی پازدەهەمو دەهەم، لە چوارچێوەیەکی دەستنیشانکراودا جوولاونەتەوە، ئەوانەی ترێتیان بۆ کردوون پیاوی ناسراوو کاربەدەستو هونەرمەندو خزمو ستەکانیان بوون.

فرانس هالس لەم چوارچێوە تەسکە دەرچوەو... لەگەڵ پۆرترێتی پیاوە ڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان، هونەرمەند ڕووی لە چینی هەژارو ڕەش‌و تەکان کردوەو بەڕاستی بە هەستێکی تەنك‌و پڕ سۆزەوە ئەمانەی دەربڕیوەو ەش پۆرترێتەکانیان لە ئاستێکی زۆر بەرزی هونەریی‌دا بەرجەستە کراون‌و لە .بڕینی ناوەڕۆکەکاندا گیانی مرۆڤایەتی‌و دیموکراتی هونەرمەندی مەزن، دەیەکی سەرنج ڕاکێشە.. ئەم گیانە پاکەی کە ڕەگ‌و ڕیشەی لە ڕشی هۆڵەندی‌و شارستانیەتی دێرینی ئەم وڵاتە وەرگیراوە، ئەمە لە لایەك، لایەکی ترەوە هونەرمەند مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی دوور لە پۆزی مالیزمی‌و نواندن دەربڕیوە.. لێرەدا خۆ ڕزگار کردنی هونەرمەند لە دیلی ارچێوەی ئیستاتیکی کۆن‌و بنکە ووشکەکان بە ئاشکرا دیارو بەرچاوە.

بنکە کۆنەکانی هونەری پۆرترێت مۆدێلی‌وا بەرچاو دەخست، کە گیانی دەسەلاتداریی‌و پۆزو خۆ پف دان بەرجەستە بکات... بەڵام فرانس هالسی هونەرمەند بە پێچەوانەی ئەم هونەرمەندە ڕووخسارییانەوە، مۆدێلەکانی خۆی لە بارێکی مرۆڤایەتی‌و سرووشتی‌دا دەربڕیوە، بەشێوەیەکی تایبەتی چەوساوەو لێ قەوماوو دەست بە ئەژنۆکان، لە کاتی ژیانی ڕۆژانەو ساکاری خۆیاندا... بەڵام هونەرمەند لە دەربڕین‌دا بەچاوێکی نزم یان کەم کردنەوەی ئاستی مرۆڤایەتیانی ڕەسم نەکردوە، بەڵکو لە بەشێکی ئەم پۆرترێتانەدا گیانی نوکتەبازیی‌و پێکەنین‌و زەردەخەنەو ووردە گلەیی دەربڕیوە.

ڕێڕەوی هالسی هونەرمەند لەسێ جۆردا بەرچاو دەکەوێ، یەکەم: پۆرترێتی. کۆمەڵە کەسێك لەیەك نیگاردا: (پۆرترێتی کۆمەڵی).
دووەم: پۆرترێتی دەوڵەمەندێك کە بۆ خۆی داوای لە هونەرمەند کردوە. پۆرترێتی بۆ دروست بکات.

سێیەم: پۆرترێتی هەژارو سادەو ساکارەکان.

پۆرترێتی کۆمەڵی، جۆرە هونەرێکی زور باوی هوڵەندی بوو، کەلەسەر بنج‌و بناوانێکی تایبەتی دامەزرابوو، لێرەدا پێویستە پەنجە بۆ ئەم دیاردە هونەریی‌یە بکێشین کە – هونەری دیواریی‌و فریسکۆ – چ ڕۆڵێکی ئەوتۆی لەمێژووی هونەریی ئەم وڵاتەدا نەبینیوە، بەڵام هونەری – پۆرترێتی کۆمەڵی – ، تارادەیەك ئەم کەلێنەی پڕ کردوەتەوە.

باشترین بەرهەمی فرانس هالس لەم بوارەدا پۆرترێتی (کۆمەڵە ئەفسەرێك)ە، ئەو ئەفسەرە ئازاو نیشتمان پەروەرو گەشبین‌و ڕووخۆشانەی کەڕۆڵێکی گرنگیان لە وەرگرتنی سەربەستی‌و سەربەخۆیی هۆڵەندەدا بینیوە... هونەرمەند لە ئەنجامی تاقی کردنەوەو بەرزی ئاستی هونەریی ئەم جۆرە هونەرەدا، توانیویەتی بە ئاسانی کێشە سەختەکانی چارەسەربکات، چونکە پێویستە هەریەکێك لەم کەسانەی نیگارەکە لەوکاتەی کەسایەتی خۆی دەربڕێ، لە هەمان کاتدا بەشداری لە – ئاوازی گشتی – یەکگرتنەوەی هونەریی‌دا بکات، واتە کۆ کردنەوەی ئەم فیگورە جیاوازانە لەیەك چوارچێوەی – دامەزراندنی هونەریی، کەلەرێت ویەکگرتنەوەی ڕوخسارو دەروون – ئەرکێکی هەرە سەختی هونەریی‌یە، ئەو ئەرکەی فرانس هالسی



ئۆرۆنژی گۆمەڵی ئەفسەرەکانی ١٦٣٧ هارلم، مۆزەخانەی فرانس هالس

ونەرمەند بەو پەڕی وەستاییەوە جێبەجێی کردوە. پالێتی هونەریی هالس و
خۆری وەشاندنی فلچەی دەوڵەمەندو پڕ لەجوولانەوەو دینامیکیەت بووە،
ەنگەکان گەش و پڕ ژیانو کراوە بوون، ئەو ڕەنگانەی لە دوا قۆناغەکانی
یانیدا بەرەو کزیی و دامرکاویی چوونو لە چوارچێوەی: ڕەش، سپی و
خۆڵەمێشی – دەرنەچوون. پاڵەوانەکانی هالس لە کاتی دەربڕین دا، وەك
ی سەیری مرۆڤێك دەکەن کە بینەر نایبینێ، بەڵام لە هەندێك باردا سەیری
اوی بینەر دەکەن وەك بڵێی ئارەزووی گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن. هونەرمەند
اتی پڕ ژیانو دەربڕینی وەك حاڵەتی قاقای پێکەنین، زەردەخەنە، خۆشییەکی
ەروونی، یان باری سایکۆلۆژی جیاوازی بۆیان هەڵبژاردوە، بەڵام بەو پەڕی
سەربەستی هونەریی و فلچە لێدانی پڕ دینامیکیەت) بەرجەستە کراون.



داهێنانی راستەقینەو لووتکەی هەرە بەرزی هونەریی فرانس هالس لە پۆرتریتی خەڵکی هەژارو سادەو ساکاردا بەرجەستە بووە. هونەرمەند زنجیرەیەکی نایابی لە پۆرتریتی موسیقاژەنو ماسیگرو گۆشە گیری مەیخانەکانو مندالی کۆڵانەکان درووست کردوە.. هونەرمەند ئەم مۆدێلانەی بە هەستێکی قوولی پڕ سۆزو خۆشەویستییەوە دروست کردوەو ئەو سروشە دەبەخشێتە سەیرکەر وەك بڵێی ئەم پۆرتریتانە بەوپەڕی دینامیکیەتی هونەریی بە (یەك نەفەسی درێژ) دروست کراون. باشترین نموونەی ئەم قۆناغەی ئەم پۆرتریتانەن: (منداڵێکی گۆرانی بێژ، ماللی بابی، کچە دۆمێك)، پاریس – مووزەخانەی لووڤر.

لە چلەکانی سەدەی پازدەهەمەوە، دەسەڵاتدارو دەوڵەمەندەکانی هۆڵەندی هەستیان بەوە کردوە کە هونەرمەندە مەزنەکانی وولات روویان لە ناوەڕۆکی میللی کردوەو زۆربەی هەرە زۆری پاڵەوانەکانیان لە ڕەش و رووتەکان هەڵدەبژێرن... ئەمەیان لە دڵ گرێ دەبیو بەرە بەرە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر ئەم هونەرمەندانە دەگۆڕن. لە لیستەی – غەزەب لێ گیراوەکان – فرانس هالس یەکەم کەس بووە. بەم جۆرە، هونەرمەند دوا ساڵەکانی ژیانی بە هەژاری و دەستکورتی بردوەتە سەر، بەڵام وەك هەر هونەرمەندێکی مەزن لە بەرهەمی هونەریی بەردەوام بوە، بەڵام زەمینەی نیگارەکانو پاڵەوانەکانی ـەم قۆناغەی بە پەردەیەکی خەمو پەژارە داپۆشراون، لێرەدا هونەرمەند لەگەڵ هونەرمەندی گەورەی ئەسپانی: ڤیلاسکس یەك دەگرنەوە: (ڕەنگی ڕەش لای ئەم دوو بلیمەتە، مۆرکی ڕەنگی – قورس و کەرو لالی هەڵنەگرتوە – ، بەپێچەوانەوە: ریتمی خەمگینی و مانای تەواوی ووشەی ڕەنگیان هەڵگرتوەو لە چوارچێوەی کۆمەڵە تۆنێکی هەرە دەوڵەمەندا بەکار هێنراوە).